

# رەهەند و دەرکەوتە فەلسەفییەکانی رەخنە

عادل قادری *

کەمال و گەشەی مرۆیی، پەیوەستە بەو نێزیکایەتییەی، کە لەگەڵ رەخنە دا دەیکات. رەخنە لێرەدا وەکو وزە و توانستێک مانا وەردەگرێت، کە جمشت3 و بزووتنی کۆمەڵایەتی و هزری و شارستانیشی بەدواوەیە. لە هەر چرکەسات و دەمێکی مێژووییدا، کە گۆڕانێک هاتوەتە ئاراوە، راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ سیما و بیچمی رەخنە رادەست و ئامادە بووە، رەخنە وەکو واتا هەڵگری دوو پێناسەی سەرەکییە؛ رەخنە لەپلە و واتای یەکەم هەوڵێکە بۆ بژاردە کردن و هەڵاواردنی چاکە لە خراپە، یان بە دەربڕینێکی‌تر جیاکردنەوەی سێرە لە ناسێرە. لە ئاست و پلەی دووەم، رەخنە کردەیەکە لەسەر بنەما و کرۆکی داوەری(بڕیار) و پرسیارکردن سازبووە. بە چاوخشاندنێکی

هەنووکەیی ئێمە لەو هەڵگۆستە و خوێندنەوەیەدا کە لە دەق و پەراوێزی مێژووە دوورەکان نیگاری دەکەین، گرێدراوی ئایبەتمەندیی توانست و خواستی فرەراڤەیی و گەلێک شرۆڤەییە، کە خۆی لە خۆیدا قەرزاربار و منەتباری بیر و تێروانینی رەخنەییە کە رێباز و رەوتە هێرمنۆتیکییەکانیش لە سۆنگەیەکەوە بە بەرهەمی ئەو دێنە ئەژمار. هەنووکە ئاکی هاوچەرخ لە دۆزێکدا دنیا دەبینێت، کە رەخنە وەکو ئاقە رێگا و تەنیا رێدەرچووی خۆی دەبینێتەوە. بنەما و کاکڵی رەخنە، پرسیار و گومانە؛ تا ئەو شوێنەی کە ئێمە پرسیار و گومانی قووڵ ئاراستەی خودی رەخنە وەکو بنەما و سەرچاوکە دەکەین، واتە رەخنەی رەخنەیشمان وەکو کردەوە لەبەردەمماندا زۆپ کردوەتەوە.

لە رێگە و بەردەمی جووڵەی هـزری رەخـنـەیـی دا لەمپەر و کۆسپگەلی سامناک و پۆڵایین هەبووە و لە زۆرێـک لەو کۆمەڵگەیانەی کە هەنووکەش هەقیقەتێکی رەها دەژین و کەلتوور ئایبەتمەندییەکی مەند و داچەقیوی هەیە، هێشتا رەخـنـە دەمـەدەمـی ژانـی پێش «لـە دایـک بـوون» یـان رەنگە مـەرگ! و چرکەساتی ساوایەتی خـۆی دەژی. گەورەترین هێزی دوژمنکارانە و دڵڕەقانەی رەخنە، تەرینە رەهـا کۆمەڵایەتییەکان و ئایبەتمەندییە کولتووری و پێکهاتە میتافیزیکییەکانن، کە جێگایان لە فـۆرم و قەوارەیەکی سـووڕان و گەردانی چەقبەستوو و فرەپاڵ خۆش کردووە و پەتە6 و ودمی ئەم خێرا و هەڵوێستنەیەکی تێپەڕ لە مێژووی بووتناسانەی مرۆڤ وەکو «لە-جیهان دا-بوو» دازاین (وجود بوون )ێک بۆمان دەردەکەوێت، کە سەرەتای داشکانی بیر(رۆح4) ی مرۆیی لە میتافیزیکە ئاقخواز و رەهابینەکان، دواتر هەڵنیشتنی بە ئاقاری بەرهەمهێنانی پرسیار و گومان و مانا و خەیاڵی نوێ و لەوێشەوە بەرەو سەرزەمینی هزر و فەلسەفە لە شوێنگەیەک بووە کە رەخنە، هەم وەکو کردەوە و هەمیش وەکو بیردۆزی و روانگە، چەکەرەی کردووە و چالاک بووە. ئەگەر ئێمە ئەمڕۆ، واتە هەنووکە لـە پێگەی «سـووژە، دازایـن، کۆشکی کافکایی و مەنزومەی قاڵاوی ئێدگار ئالێن پۆ و تەنانەت لە شوێنگەی ئۆبژەیەک و فۆکۆ گوتەنی سووژەیەکی مردوو»5 دا، ئاوڕ لە پانتایی و قووڵایی مێژوو بـدەیـنـەوە، زۆرێـک لـە چەمک و وتـەزا و بابەتەکان هـەر لە سەردەمێکی دێرینەوە دەرکەوتەیان وەکو نیشانە لە دەق و پەراوێزدا نواندووە، بەڵام ئەم چرکەسانەی



جێگەخۆشکردنە سێحراویەشیان! لە ناسووژەیی و ئۆبژەبوونی بکەرەکان، یان بوونەوەرەکانی سەر بەو فۆرمە وەردەگــرن، بێگومان گـەر وەکو «تۆرێکی دیالێکتیکی» بڕوانینە ئەو هۆکار و جەمسەرانەی گێڕانەوەکەی سـەرەوە، واتە چارەنووس و ڕۆڵ و پێگەی ڕەخـنـە پـەیـوەسـت و لەهەمبەر نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و میتافیزیک و پێکهاتە کولتووریەکان دا بخوێنینەوە، بەو ئەنجامگیرییە دەگەین، کە ئامادەگی و هەبوونی ڕەخنە تا ئەو شوێنەی ئەبێتە چەمک و وتــەزا و بابەت و لە گوتاری ڕۆشنبیریی کۆمەڵگەدا دەردەکەوێت بە ئاسانی و هەڕەمەکی نییە و بگاردنی ئەم لەمپەرە ئاماژەپێکراوانە شەڕێکی تیۆریکی و دەروونـی و هزریی بەدواوەیە کە سووڕئاڵ و خوێناوی دەنوێنێت .

بەرلەوەی درێژە بە گێڕانەوەی ئەم خوێندنەوەیە بـدەم، لێرەدا پرسیارێک دەخـەمـەڕوو، ئاخۆ لـە کۆمەڵگەیەکدا، کـە پێکهاتە کولتووری و میتافیزیکە ئاقخوازەکان و عەقڵی بـاوی گشتیی، ژیانی مەرجیارانەی7 خۆی دەژی و جگە لە داکۆکیکردنەوە و پیرۆزاندن و بـەرزنرخـانـدنـی ئـەو فـۆرم و پێکهاتە یەقینیانە لـە قـەوارەی بۆنە و ڕێوڕەسمە مێژووییەکانیان لە ئاوێنەی ڕۆژ، مانگ، ساڵ یان ئەنانەت چەند ساڵدا، هیچینر ئاکات و هەموو بکەری و توانایی خۆی لـەو سـووڕانـە مەرجیاریانەیەیدا دۆڕانـــدووە، ڕەخـنـە چـۆن لە دایـک دەبێت؟ یـان ئاکێک چۆن سەرهەڵدەدات و ڕەخنە دێنێتە دنیاوە؟ ڕەخنە ئاک دەسازێت یان ئاک ڕەخنەی ئاکساز دادەهێنێت؟

هاتنە گۆڕێی ڕەخنە و هزری ڕەخنەیی گومان و پرسیاری لە پشتە و سەرهەڵدانی ڕەخنەیەکی سەڵت8 و دەرهەست ئەم دوو فاکتەرەی وەکـو گریمانەگەلی ناوشیارییانە پێویستە، ئەمەش لە کۆمەڵگەیەکی پڕ بڤە و تابۆ بە دڵنیاییەوە ئاسان نییە و نابێت؛ ئەمە لای من ئەوە دەسەلمێنێت، کـە ئـەگـەر ئێمە ئەوڕۆ شتێک لە ڕەخنە و تێڕوانینی ڕەخنەگرانەمان تێدایە، بەرهەم و ئاکامی چەندەها شۆڕش و هەڵچوون و داچوونی مێژوویی و خوێن ڕژان و قوربانی دانــە، مەبەستم لەم باسە ئەوەیە ئەگەر چەمکێک یان نیگایەک بەرهەمهێنراوی دونیای ئێمە نـەبـووە، واتـە نە لۆژیکی زمانیی ئێمە بەرهەمیهێناوە و نەک هزر و بیرێکیش، کە پەیوەستی ئەو زمانەیە و لەگەڵیدا لە دیالۆگ و دیالیکتیکدا بووە، بەڵکو ئەم دۆخ و حاڵەتە بە هۆی کرانەوەیەکی ناسروشتی و پێشبینی نەکراو بەرووی دونیاماندا لەرێگەی کەلەبەر و کونەباگەلی جۆراوجۆر و بەبۆنەی لـۆسـە(اهـرم)گـەل و شۆڕشگەلی گـــەورەی مـێـژوویـی و زانستی هەناردە! و یان هـاوردەی واقیع و دونیای ئێمە بووە. لەم حاڵەتە ناسروشتی و گوشارئامێزەدا، ئێمە هیچ ڕێگە چارەیەکمان لە بەردەمدا نییە، جگە لەوەی کە ئەم چەمک و تێڕوانین و وتەزایانە، کە هەنووکە لە سیاڵ و چوارچێوەی دیاردەیەکدا بۆ ئێمە و لای ئێمە دەرکەوتووە، بە باشی بناسین و بزانین، کە

## گەورەترین هێزی دوژمنکارانە و دڵڕەقانەی ڕەخنە، نەریتە ڕەها کۆمەڵایەتییەکان و تایبەتمەندییە کولتووری و پێکهاتە میتافیزیکییەکانن

ئـەگـەر ئێمە لـەم چرکەساتەدا ڕەخـنـەکـارانـە، لـەگـەڵ دونـیـای خۆماندا جووڵاینەوە، ئەزموون و ساوکەیەکی مێژوویی خوێناوی و لە هەمانکاتدا بە دەسکەوتمان لە بەر دەمدایە؛ واتە ئەو سیستەمە زمـانـی و هـزریـیـەی(مـەبـەسـت جیهانی ڕۆژئاوایە) کە «ڕەخنە»یان بەرهەمهێنا بەناو کۆمەڵێک گەرداوی تووش و تۆفانی ئاسمانی و زەمینیدا تێپەڕیون و خوێنیان داوە.

گـەر ئـامـاژە بە نموونەیەکی مـێـژوویـی بـکـەم «ژان هۆسی» سویسی دێنمەوە کە پێشەنگ و ئاڵاهەڵگری ئەو ڕەوت و ڕەوگە9یە بوو کە سەرەتای ریفۆرماسیۆن و چاکسازیی دینییان لە ئەوروپا و سکۆتلەند لە سەدەی 14 و 15ی زایینیدا دەسـت پێکردبوو، ئەو یەکێک لە ڕچەشکێنانی دۆخی باو و داواکـەری ریفۆرم و پرۆتێست بـوو، کە بۆ ئـەم مەبەستەش لە



ئەدۆرنۆ

ڕۆچنەی ڕەخنەوە هاتە چالاکڤانی. ئەگەرچی کەسایەتی و کردەوەی ئەو وەکو دەیگێڕنەوە بەهۆی ئەوەی کە ئیمانی مەسیحیانەی هێشتا لەسەرەتای پرسیارکەفتی10 و گومانئاژنگ بووندا بوو(چەکەرە وپشکوتنی گومانی وجودی)، واتە ئەو هەر لەو ساتەش کە یەکەم پرسیاری زێڕینی ژیانی دۆزییەوە و خستیە قەوارەی ڕەخنە و پرۆتێسنەوە دژی سیسنەمی زاڵی کڵێسەی سەردەم، هێشتا یەقینێکی پێوە دیار بوو، کە لە پێگەی زەمانی و چییەتی بووناسانەدا بەرەو ئاراسنەیەکی دژەباو و زۆر جیاواز لە یەقینی دینیی کڵێسە و قەشەکان بوو، بەڵام هەر درێژکراو و بەرهەمی ئیمانی گاورانەی قووڵی ژیانی پێشووی خۆی بووە؛ ئەم یەقینە تازەیەشی پێداگری و پیرۆزنواندنی هەڵوێست و بەیەقین زانینی ڕەخنەکارییەکەی بوو و من بە یەقینی لەق و بنکۆڵ ناودێری دەکەم، واتە یەقینێک کە ئامادەگی هێزەکی(بالقوە)ئێدایە بەرەو ڕەخنەکارییەکی هزری و بنەبڕکردن بچێت، هەر بۆیەش بەسەرهاتی سزادانەکەی پەیامگەلێکی ڕوون و سەرەنج ڕاکێشی تێدایە. دەیگێڕنەوە، کە دوای ئەوەی ڕەوتی ریفۆرم و چاکسازیی دینی لە ئەورووپا دا بە ڕێبەرایەتی مارتین لۆتەر، جان کالون و ژان هوس و... لە سەرەتای خۆیدا بوو، مارتین لۆتەر هەڵدێت و ئاکامی ڕوانینی ڕەخنەییانەی خۆی، کە کۆمەڵێک پرسیار و گومانی تەوساوی لەهەمبەر سیسنەم و پێکهاتی فەرمی دەسەڵاتی ئایینی دا بوو، ڕۆدەنێت و دەست دەکات بە وەرگێڕاندنی کتێبی پیرۆز بۆ سەر زمانەکەی خۆی و فریوکاری و یەقینپژانی قەشەکان و سیسنەمی فەرمی وەدەردەخات و بەردەنگان و لایەنگرانی خۆی ئاگادار دەکاتەوە، کە ئەو واتایەی کە سیسنەم تا ئێسنا دەرخواردی داون تەنها واتا و هەڵگۆسنەیەکی تاکیی بەرتەسکی خۆیان بووە بەرەو ئاراسنەی بەرژەوەندی و گرێ و خواسنە دەروونییەکانی خۆیان؛ واتە بەرژەوەندی تاقمێکی تایبەت، کە تا پێش لە ئێسنا بە شەبەنگێک لە پیرۆزایی و بڤەئاوی بوون دەوری گیرا بوو. ئەم کارەی مارتین لۆتەر وەکو بنەوایەک بۆ سەرهەڵدانی هێرمنۆتیک و فرەواتایی لە داهاتووی میتافیزیک و جیهانی زمانیی ئاڵمان، کە لەسەر بنچینە و بنەوەشی ڕەخنە ڕۆنرا بوو.

لۆتەر هەر لە سەرەتاوە ئێبینی و ڕەخنە و چاکسازییەکانی خۆی لە قەوارەی کۆمەڵێک خاڵ و بڕگە بەسەر دەرگای کڵێسەر گۆتەمبێرگ(کاتولیک) هەڵواسی، هەندێک لەو خاڵانەی ئاماژە بوون بۆ گۆڕانێکی بنەمایی وقووڵ لە سیسنەمی کڵێسەی کاتولیکدا وەکو ئەم خاڵەی کە چۆن قەشەکان دەتوانن پێشوەخت هەرێمەکانی بەهەشت بە خەڵک بفرۆشن؟! یان گوناهەکان سەرتاپا بسڕنەوە؟ بەهەرحاڵ ئەو تێڕوانینی ڕەخنەیی خۆی هەم بە کردە و هەم بە تیۆری لە قەوارەی جۆراوجۆر وەکو وەرگێڕانی کتێبی پیرۆز بۆ سەر زمانی ئاڵمانی، گەیاندە ئەنجام، هەر ئەوەش بوو بە بنەمای هەڵنیشتن و درووستبوونی پرسیار

و گومان و رەخنە و پرۆتێست لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا و شۆڕش و چاکسازیی ئایینی، تەنانەت لە پێگەی جەماوەریشی بە دواوە بوو، دواتریش یەکێک لە هۆکارەکانی گەشەسەندنی بیری خوێندنەوە و راڤەی دەقە دینییەکان، واتە هیرمنۆتیکی دینی بوو. رەخنەی لۆتەر وا چووە پێش، بۆیە بە باوکی چاکسازی ناوبردە کراوە. لەمسەرەوە ژان هووس بەهۆی پرۆتێست و ناڕەزایی لە دژی سیستەمی فریودەر و جەهلپەروەری کڵێسە دەگیرێت و سزای کوشتن و مەرگ لە ئاگردا بە سەریدا دەسەپێت، چونکە ئەو دەم هێشتا سزاکان و کوشتنەکان بە شێوەی ئەمڕۆیی شارستانیانەتر و مرۆڤخوازانەتر! نەبووبوو. ژان هووس دەخەنە ئاگرەوە و دەسندەکات بە هەڵقرچان و «پێدەکات» بە زەوی و ئامێزی بەرەو ئاسمان، یەکێک لە قەشەکان کە دۆستایەتی نێزیکی لەگەڵدا بوو بوێرییەکی سۆزاوییانە بەبەر خۆی دەکات و هاوار دەکات راوەستن با دەرفەتێکی دیکەی بخەینە بەردەم و ژان بە نیوە سووتاوی و لابرژاوی دێننە دەرەوە و پیدەڵێن: لە بیرۆکەکانت وەرگەڕێوە و پەژیوان نامە بنووسە، و ژان بەوپەڕی سەربەرزی و هاوکات (یەقین)!ەوە دەڵێت: نا! و ئەوانیش بەو پەڕی سەربەرزی و ئیمان و یەقینەوە! هەمدیس فڕێی دەدەنە هەناوی ئاگرەکەوە. بە هەرحاڵ ژان هووس رەخنەکار بوو، بە شێوەی خۆی و هەڵبەتیش لە سەردەم و وڵاتی خۆی و بە پێکهات و نەریتی میتافیزیکی و کۆمەڵایەتی خۆی و مارتین لۆتەریش هەر بەم چەشنە!

لە ژێر تیشکی ئەو نموونە مێژووییە و نموونەگەلێکی زۆرتر بەو ئاکامە دەگەیین، کە «رەخنە» وەکو هێز و توانستی11 ئاژواندن و لێخوڕینی «بوون» و ماهییەتی بوونی مرۆیی لە پانتایی رووبەرێکی ناکۆتا و نادیار بە ناوی مێژوو پێناسە دەکرێت. ئەم وزە و هێزە هەر وەکو وتمان بۆ دەرکەوتن و وەدیار خستنی تایبەتمەندیی و کارتێکەرییەکانی خۆی گرێدراو و پەیوەستی فاکتۆر و هۆکاری زۆرە و بە «تۆڕێکی دیالیکتیکییەوە» چارەنووس و هەبوونی دەستنیشان دەکرێت. لێرەدا ئەگەر ئێمە وەکو دازاینێکی (وجود) هێرمنۆتیکخواز چاو لە رابردوو بکەین، رەنگە لە رستەیەکی تالیس12 یان دەربڕینێکی ئاناکسیماندەر13 و یان کردەوەیەکی سوقرات، بتوانین روخسار و بیچمی جۆرە کردار یان پەرچەکردار، تەنانەت زەینییەتی رەخنەیی و رەخنەکارانە، ببینینەوە؛ ئەگەرچی تەنانەت وەکو وشە و فۆرمێکی ناوی زمان نەهاتبێتە دەقەری گوتار و وەگێراندنی باوی سەردەمی خۆی. ئەوەی کە روونە رەخنە وەکو وشەی critice و لە پێگەی چەمک و ئیرادە و کانت گوتەنی14 سۆز و هەستەوەرییەک کە پەیوەستە بە هەستی چێژ و دەرد وەکو زۆرێک لە چەمکگەل و ونەزاگەلێتر لە رۆژگاری مۆدێرن و پاش شۆڕشی کۆپەرنیکی و نیوتنی، کەوتە رووبەری گوتاری باوی هزری و فەلسەفیی سەردەم و تیۆریزە و

**گەیشتن بە هەرکام لەو بڕیار و حوکمانە پێشمەرجێکی هەیە، کە رەنگە لە پلەی یەکەم دا ئێمە ئاگاداری نەبین**

بیردۆزی کرا. کانت یەکێک لەو فەیلەسووفانەیە کە رەخنە، زۆرترین ئامادەگی لە بەرهەم و دونیابینیدا بووە. ئەو بە سێیانە رەخنەکارییەکانییەوە ناسراوە؛ واتە رەخنەی عەقڵیی پەتی، رەخنەی توانستی دادوەری(حوکم-بڕیار) و رەخنەی عەقڵی پراکتیکی. ئەو لە قۆناغی رەخنەی توانستی دادوەریدا ئاوڕی جیدی و هەرە تایبەت لە بنەما و چییەتی و چۆنییەتی رەخنە دەداتەوە، حوکم و بڕیار و دادوەریکردن خۆی یەکێک لە فاکتۆر و کۆڵەکەکان، تەنانەت یەکێک لە پێش مەرجەکانی رەخنە ناوبردە دەکرێت؛ واتە ئێمە دەتوانین قۆناغی دووەمی پرۆسەی رەخنەکاریی سیستەمی فەلسەفی کانت بە «رەخنەی توانستی(وزەی) رەخنە» ناونان

# فرانکفۆرتییەکان و ڕەوتی فەلسەفیی فەرەنسەیش هەر کام لە سۆنگەیەکەوە جیهانی مۆدێڕنیان دایە بەر زللە و شەپاڵی ڕەخنە

بکەین. ئەو هەر وەکو چۆن بۆ دوو قۆناغەکەیتر هەڵوەدا و گەڕاڵی دۆزینەوەی بنەوای پێشنی و میتافیزیکی بوو، ئەم کردە و حاڵەتەیشی بۆ «ڕەخنەی توانستی دادوەری» ڕەچاو دەکرد و دەڵێت: «توانستی دادوەری وزەیەکە پەیوەست بە هەستی چێژ و دەرد15 و بنەوا و کۆڵەکەکەیشی غایەتمەندی و ئاکامخوازی سرووشتە16» و درێژە دەدات کە ئەم ئاکامخوازییە بە دوو شێواز بیچم دەبەستێت: «یان سۆبژێکتیڤ و دەرهەستە یان ئۆبژەکتیو و بەرهەستە. یەکەم، داوەریکردن لە سەر غایەتمەندبوونی وێناکردن17ی ئۆبژەیەک بێ ئەوەی کە ئاکام و دواوێستگەیەکی تایبەتی بۆ دەستنیشان کەین و ببینینەوە، حوکم(بڕیار) و داوەرییەکی جوانیناسانەیە. دووهەم: ئەگەر هەمان ڕەوت لە بڕیاردان بەسەر غایەتمەندیی وێناکردنی ئۆبژەیەک ئەنجام بدەین، بەڵام ئەمجار غایەت و ئاکامێکی تایبەت و بەرهەستمان بۆی مەبەست بێت، بڕیار و داوەری و حوکمێکی غایەتناسانەیە. ئەگەر سەرنجێکی خێرای ئەم باسکارییە کورتەی کانت بدەین بۆمان دەردەکەوێت، کە گەیشتن بە هەرکام لەو بڕیار و حوکمانە پێشمەرجێکی هەیە، کە ڕەنگە لە پلەی یەکەم دا ئێمە ئاگاداری نەبین، (وەکو چۆن پاش ئەوەی کە لە کردەی «بیرکردنەوە»ی خۆمان ئێدەفکرین و رادەمێنین لێی وشیار دەبینەوە) ئەویش ڕەخنە و توانستی ڕەخنەکارییە بۆ دەرچوون لەو دۆخەی ئێستا هەیە و بینینەوەی هەرێم و پانتایی تازە و جیاواز. ئەمەش کە کانت خوازیاری دۆزینەوەی بنەواگەلی پێشینی و پێشوەخت بۆ هەر سێ قۆناغە ڕەخنەییەکەی بوو، پیشاندەری ئەو ڕاستییەی سەرەوەیە کە باسم کرد و هەڵخران و بەدیارکەوتنی گوتاری ڕەخنەیی لە پلەی زمانی و پێکهاتێکی شیکارانەی زمانەوانانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لانیکەم تەنها و بۆ نموونە لای کانت، گۆڕان و ئاوەژووکردنەوەیەکی لە مێژووی مرۆڤ و عەقڵی مرۆیی دا هێنایە کایەوە و هەر ئەوەی کە ئێرنێست کاسیرێر لە بارەی ڕەخنەی توانستی دادوەری دەیڵێت، بەڵگەیەکی ئاشکرا و حاشاهەڵنەگری ئەم ڕاستییەیە. ئەو دەڵێت: «ڕەخنەی توانست یان وزەی داوەری زۆرتر لە هەر بەرهەمێکی دیکە عەسەب و کورتێکسی مێشکیی سەردەمی خۆی ختووکە داوە و هەڵخڕاندووە18.»

دواتر ڕەوت و بزاوتی ڕەخنەیی لە قەوارەی چەمک و تێڕوانین، تەنانەت ڕێباز و سیستەمی فەلسەفی تا لای دامەزرێنەرانی مەکتەبی فرانکفۆرت (هێربێرت مارکوزە، تیۆدێر ئادۆرنۆ، ماکس هۆرکهایمەر) دەچێت و لەوێشەوە بەرەو نیچە و فۆکۆ و لیوتار، تا شوێنێک کە هەنووکە ئالێن بادیۆی فەرەنسی ناتوانێت بەبێ ڕەخنە بژی و ڕەخنە وەکو دوارێگەی ڕزگاربوونی لە سیستەمی کولونیالیزمی سەردەم دەناسێت. وەکو ڕەوت و شەپۆلی گشتی ڕەخنەکاری، تەنانەت فۆرم گرتنی سیستەمێکی ڕەخنەیی ڕادیکاڵ دوای جەنگە جیهانییەکان و تاقیکردنەوەی بانگاشە و خەون و هەراوهۆریاکانی مۆدێڕنیزم و مۆدێڕنیتە بوو. نیچە بە ڕادیکاڵترین و دەمارگرژترین ڕەخنەگری مۆدێڕنیزم ناوی زڕا و فرانکفۆرتییەکان و ڕەوتی فەلسەفیی فەرەنسەیش هەر کام لە سۆنگەیەکەوە جیهانی مۆدێڕنیان دایە بەر زللە و شەپاڵی ڕەخنە؛ ئەوان ڕەخنەیان لە جیهانێک دەگرت، کە چەند سەدە پێش خۆی بە هۆی ڕەخنە و داهاتنی ڕەخنەوە هاتبووە گۆڕێ، واتە ڕەخنەی جیهانی پێشوو ئەم جیهانە نوێیەی داهێنابوو. جیهانی مۆدێڕن دەرهاوێشتە و دەرچووی ڕەخنەکاریی جیهانێک بوو کە هێندە بەڕ(وشکانی) و بەرین بوو، کە تەنها یەک قۆناغی بە سەدەکانی ناوەڕاست ناوبردە دەکرێت. بە ڕەخنەکاری،

مۆدێرنیزم داهات و بە رەخنەکاری زۆرتر مۆدێرنیزم داکەوت و بە رەخنەکاریی سیستەماتیک و رادیکاڵ و شپرزنوێن! پۆست مۆدێرنیزم هەڵهات و هەنووکەش بە هۆی رەخنەوە دەڵێن: «پۆست مۆدێرنیزم لەوانەیە مۆدێرنیزم بێت، لەوانەشە درێژەی مۆدێرنیزم بێت لەوانەیشە هیچ نەبێت.»

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

1- هەموو ئامانجی ئەم وتارە گێڕانەوەی شیکارانەی دۆخێکە، کە رەخنە بە واتە هزریی و ئاموزمەندانەییەکی ئامادەگییەکی راستەقینە و بەرهەمهێنەری نەبووە.

2-ئاویناری وشەیەکی دارێژراو، یان گرتاری(مشتق)ە، کە واتای لەیەک ئوانەوە و ئێکەڵاویی(ادغام) دەگەیەنێت و لە کتێبی «بنەماکانی وشەسازی و وشە رۆنان لە زمانی کوردیدا» نووسراوی کامران رەحیمی، هەڵگرتووە و جێی سەرنجە وشەگەلی پێشنیارکراو بۆ هاوئاسازی و وشە ڕۆنان لەم کتێبەنە داکۆکیرا و جەختکراوی کۆڕی زانستی زمانی کوردیی-ئێرانە.

3- ئەم وشەیە هەر لە سەرچاوەی پێشوو وەرگیراوە.

4-مەبەستم لە بیر، رۆحە بە واتای وزەیەکی فامکار نەک شیکار

5-لە نووسینێکی بەختیار عەلی لەژێر ناوی «مامۆستا و قوتابی» ،نامەیەک بۆ کاک سەردار عەزیز، کە لە حەوتەنامەی ئامانج وەرمگرتووە ل7 ئەویش خۆی لە ئاوێنە وەریگرتووە. ئاماژەیە بەو گۆڕانەی کە لە دوای دیکارتەوە و بە پێناسکردنی سوژە وەکو بکەرێکی ناسکار(فاعل شناسا) و ئوبژە وەکو بەرکارێکی ناسکراو لە لایەن ئەوەوە دەست پێ دەکات لای فۆکۆ و دریدا مەرگی دەگێڕنەوە و لایەن و رەهەند و پارادایمانیئر جێگری ئەو چەمکانە دەگرنەوە.

6-وشەیەکی ناوچەی کرماشان بە واتای بەڵگەی راپەڕاندن و جێ بەجێکردن واتە هەمان»ودم».

7-»مەرجیار»م هاوواتای شرگی شدە ی فارس داناوە و هەر لە شێوەی هاوئاسازییەک، کە لە کتێبی «بنەماکانی وشەسازی و وشە رۆنان لە زمانی کوردیدا»پێشنیار کرابوو کەڵکم وەرگرتووە، بڕوانە ل34 بڕگەی 10ی بەشی «شێوەکانی وشەسازی هاوچەرخ».

8- سەڵت لە بنەما دا بە واتای رەبەن دێت، لێرەدا مانای دوورەدەست و ئاقکەوتو و ئینتزاعی دەردەکەوێت، یەکەمجار ئەم وشەیەم بەو واتایە لە حەوتەنامەی رۆژهەڵات ژ20 دووشەممە 25ی خەزەڵوەری 1383 ل 10 لە وتارێک بە ناوی «کۆمەڵگەی کوردی و کێشەکانی مودێرنینە و پۆست مۆدێرنینە»ی جەمال خوسرەوی دیت.

9-ئەم وشەیە بەم واتایەم لە وتارێکی د.رەهبەر مەحمودزادە بە ناوی «ئاوەزمەندێتی کوردی لەنێوان ناوەڕۆکە ناوچەییەکان و مینۆدە جیهانییەکاندا» بینیوە، بڕوانە کتێبی کوردوستان ژ2 ساڵی1382ل60

10-وەکو زێرکەفت ئەم وشەیەم بە شێوازی بەراوردکارانە، هەر لەو کتێبەی کە لە بڕگەکانی پێشو ئاماژەم پێدا، سازاندووە.

11-لەو کتێبەی «بنەماکانی وشەسازی و...»وەرمگرتووە.

12-فەیلەسووفی کۆنی یۆنانی و وەک دەڵێن یەکەم فەیلەسووفی مێژوو کە لە میلوتوس واتە مەلائییە لە دایک بووە و لە 545ی پێش زایین کۆچی دوایی کردووە، بڕوانە تاریخ فلسفە،کاپێلوستوون، فریدریک،بەرگی یەکەم(یۆنان و رۆم)ل 31

13-ئەویش وەکو ئالیس خەڵکی مەلائییە بووە و هاوسەردەم و رۆژگاری ئەویش بووە.

14-بڕوانە کانت، نقد قوە حکم، ترجمە عبدالکریم رشیدیان، ل12 ساڵی1377

15- بڕوانە بڕگەی پێشوو

–16پێموایە مەبەستی کانت لە «سرووشت» لێرەدا و لە پلەی یەکەم سرووشت و ئەبیعەتی مرۆیی و ئاوەکی بێت، ئاکو سروشت و ئەبیعەتی نامرۆیی و دەرەکی.

17- هاوتای «تصورکردن» فارسی داماوە.

18-بڕگەی 14 ل 13(کورتێکسی مێشک ئۆژاڵی مێشکە، کە ئەرکی بیرکاری و داوەری و بڕیارە گەورەکانی لەسەرە و بەگشتیش ناوەنی ئێفکرین و هەستەوەری و ئامانجمەندییە، هەروەها بەڕێوەبەری کردەگەلێکە کە مرۆڤ تایبەت و دەگمەن دەکاتەوە وەکو زمانزانی و داهاتووبینی).

*** ماستەری فەلسەفە**

*** دازایین: بە مانای وجود (بوون)ە**